

# فەلسەفەی مێژوو لای تۆینبی

نوسینی:**خالد طحطح**

لە عەرەبیەوە: **كارزان علي**

**تۆینبی كێیە؟**

ئارنۆڵد جۆزیف تۆینبی..مێژوونوسێكی ئینگلیزی یە و لە ساڵی ١٨٨٩ لە دایك بووە، لە خێزانێكی ناسراو و خاوەن پلە و پایەی ڕۆشنبیری بووە كە چەندین پیاوی بیریاری تێدا هەڵكەوتووە، وەك ئارنۆڵد تۆینبی مامی كە مێژوونوس و سۆسیۆلیژیستێكی بەناوبانگ بووە. تۆینبی سەرەتا لە زانكۆی (وننچر) و دواتریش لە زانكۆی ئۆكسفۆرد خوێندوویەتی. و ساڵانی ١٩١٢ تا ١٩١٥ لەم زانكۆیە ماوەتەوە و دواتر لەگەڵ كچی زانای بەناوبانگی ئینگلیزی لە لێكۆڵینەوەی كلاسیكدا (جلبرت میدی) ژیانی هاوسەری پێك هێناوە. لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەكەمدا لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا كاری كردووە و لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ تاوەكو ١٩٢٤ مامۆستای مێژووی زمانی ئیغریقی بووە لە زانكۆی لەندەن. ساڵی ١٩٢٥ بەڕێوەبەری لێكۆڵینەوە نێو دەوڵەتیەكان بووە لەپەیمانگای پادشایی،پاشان هەلی خوێندنی بۆ هەڵكەوتووە لە بواری شوێنەواری كۆنی یۆنانی لە قوتابخانەی بریتانیا لە ئەسینا، ساڵی ١٩٦٤ سەردانی قاهیرەی كردووە و چەند لێكچەرێكی لە بورای فەلسەفەی مێژوو دا پێشكەش كردووە.لە ٢٢ی تشرینی یەكەمی ١٩٧٥ دا كۆچی دوایی كردووە.

**سەرچاوە فیکریەکانی:**

تۆینبی لەمەڕ کەمینە داهێنەرەکانەوە لە بنیاتنانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی شارستانیەت دا کاریگەر بووە بە چەمکە فیکریەکانی هێنری برگسۆنی فەیلەسوفی فەرەنسی، چونکە شتێکی نەشیاوە ئەگەر بڕوا بێنین بەوەی کە پێشکەوتنە کۆمەلآیەتیەکان وردە وردە بە پێی دۆخی ڕۆحی کۆمەڵگە لە ماوەیەکی دیاری کراو لە قۆناغێکی مێژوو یدا ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت، وە هەر بازدانێك بۆ پێشەوە بێ گومان بەجێ نایەت ناوەکو کۆمەڵگە خۆی بە ئەزموونێکی یەکلاکەرەوە هەڵنەستێت، ئەمە بە واتای ئەوەی کە کۆمەڵگەیەك ڕێگە بە خۆی داوە جۆرە ئیمانێك قبوڵ بکات و چارەنووسی بووە کە ڕێکەوتی یەکێك لەو کەسانە بکات کە لە بنەوە هەناوی کۆمەڵگە دەلەزرێنن..تۆینبی بۆ خۆی پێناسەی ئەمانە دەکات و دەڵێ ( ئەم جۆرە کەسانە لەوە مەزنترن کە کەسانی ئاسایی بن، چونکە ئەوەی خەڵکانی تر بە پەرجووی دەزانن ئەمانە دەتوانن بە دی بهێنن، ئەمانای بە مانای وشە بلیمەتن نەك تەنها بە واتا مەجازیەکەی).

هەروەها تۆینبی کاریگەر بووە بە (کارێڵ)ی مێژوو نوس لەمەڕ بیرۆکەی پاڵەوانەوە، و ئەم بیرۆکەشی بە بەشداری پێکردن و تێکەل کردنی چەمکی ئەرسۆکراتیەت زیاتر گەشە پێدا، چونکە کارێڵ لە دیموکراتیەت دەترسا و دژی بیرۆکەی یەکسانیش دەوەستایەوە، بەلآم تۆینبی پشتگیری یەکسانی کرد و بەرەنگاری هەستی ئەرەسۆکراتی لادەر بوویەوە، ڕێەگەرایی خستە سەر چەمکی پاڵەوان و لە ڕەهایی دایماڵی کاتێك دەڵێ : بێگومان کەمینە داهێنەرەکان، کە کاری داهێنانیان تەواو بووە و پلە و پایەیان دابەزیووە بوونەتە کەمینەیەکی بالآ دەست).

هەروەها تۆینبی کاریگەر بووە بەو بیرۆکانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیست دا لە نێوان مێژوونوساندا سەریان هەڵداوە بە تایبەتی (هێردەر)، کە پوختەی لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ مێژووی شارستانیەتەوە بووە، لە نێوانیشیاندا مێژوونوسێکی ئەڵمانی بە ناوی ( مەفەردبیس)، کە پەیمانگایەکی لە فرانکفۆرت دامەزراندووە بۆ

لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی شارستانیەت، کاریگەریش بووە بە بیرۆکەی ( شپنگلەر) لەمەڕ چەمکی کۆمەڵگە شارستانیەکانەوە، تەنانەت بە شێوەیەکی جیاوازتریش ئەم بیرۆکەی گەشە پێداوە.

جگە لەوەش تۆینبی سەرچاوەی فیکریی خۆی لەمەڕ دروست بوون و ڕوخانی شارستایەتەوە لە ڕۆمانی (فاوست)ی گۆتە وەرگرتووە و لەمبارەشەوە دەڵێ( بەڕاستی من بەڵگەی خۆم لە ڕۆمانەکەی فاوستی گۆتە دا دۆزیەوە و سوودێکی زۆرم لێ بینی بۆ تەواو کردنی لێکۆڵینەوەکانم) ، دواجار تۆینبی بە (ئیبن خلدون) یش کاریگەر بووە و دەڵێ ( بێگومان ئیبن خلدون خاڵێکی ڕووناك بووە لەم ئاسۆیەدا و ڕۆڵێکی گرنگیشی هەیە لە فەلسەفەی مێژوودا).

**شێوەکانی فەلەسەفەی مێژوو لا تۆینبی:**

بازنەی تیۆری مێژوویی تۆینبی لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستەقینەیی مێژووی بنیات دەنرێت،ئەمەش نەك تەنها گەل یان تاکە توخمێك بەڵکو لە لێکۆڵینەوەکانی دا جەختی کردوەتەوە سەر کۆی کۆمەڵگەکان، چونکە هیچ گەلێك نییە لە دونیادا لێکۆڵینەوە لە مێژووەکەی بکرێت بە دوورەپەرێزی لە مێژووی کۆمەڵگەکانی تر.

تۆینبی سەرەتا هەموو کۆمەڵگەکانی بۆ سەر بیست و یەك کۆمەڵگە دابەش کردبوو، بەڵام دواجار پوختی کردنەوە و کردنی بە پێنج کۆمەڵگەی سەرەکی کە ئەمانەن:مەسیحیەتی ڕۆژئاوایی، مەسیحیەتی ئەرسەدۆکسی، ئیسلامی، هیندی و ڕۆژهەلاتی نزیك..هەروەها جیاوازیشی لە مێوان دوو کۆمەڵگەدا کرد بەو پێیەی هەریەکەیان کوتلەیەکی مرۆڤایەتی هاوکاری یەکترن ئەوانیش کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و کۆمەڵگە شارستانیەکان.

تۆینبی ڕەدی کردوەتەوە کە بزوتنەوەی مێژوویی خولێکی دەوری بەتاڵ بێت،بەڵکو بیرۆکەی بزوتنەوەی مێژووی بە شێوەیەکی بەکار دەهێنا کە بگونجێت لەگەڵ دۆخی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگە دا، لە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانیش دا دوو لایەنی

تێدا دەبینێ کە لایەنی ماددی و ڕۆحی یە. واتە بە شێوەی دانانی بەش لەگەڵ گشت دا ( البعض في الكل) بۆ ئەوەی وێنەکەی تەواو ببێت، بۆ ئەمەش مێژووی بریتانیای هێنایەوە کە ناکرێت لێی تێ بگەین تەنها بە جۆرێك نەبێ کە بخرێتە چوارچێوەی مێژووی ئەوروپای ڕۆژئاواوە.

تۆینبی ڕەفزی حەتمیەتی ماددی مێژووی کردووە و لە بریدا بانگەشەی حەتمیەتی ڕۆحێکی پاکی داهێنەرانە دەکات ،عەقڵیش یان هۆکاری ماددی لە تیۆریەکەیدا لەمەڕ مێژوو شوێنی نابێتەوە.

تۆینبی وای دەبینێ کە بۆ هەموو ڕووداوەکان هەردوو لایەنی ڕۆحی و ماددی ڕۆڵی خۆیان دەبینن، دەڵێت:(مرۆڤ هەرگیز لە سایەی یەك یاسا دا ناژی،بەڵکو دەتوانێ لە سایەی دوو یاسا دا بێت کە یەکەمیان یاسای خوداوەند و دووەمیان یاسای ئازادی دیاری کراوی مرۆڤە).

بە ڕای ئەو مێژوو دیمەنێکە لە کۆی هەموو دیمەن و ڕاستیەکە لە کۆی ڕاسیتیەکان، لە گۆشەیەکی سروشتیشەوە دەڕوانێتە مێژوو نەك لە گۆشەی عەقڵەوە.

سێ هۆکاری سەرەکیشی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو دیاری کردووە، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان و تۆمار کردنیان.
٢. هەڵێنجانی یاساگەلی گشتی لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەراوردکاریانەی ڕووداوە جیاوازەکان.
٣. وێناکردنەوەی ڕووداوەکان و بە شێوازێکی هونەری و پۆلێنکاری خەیاڵیانە.

هەروەها هۆکارەکانی دروستبوونی ڕۆشنبیری لایی تۆینبی کاریگەری خۆی هەیە و بە بەرئەنجامی کارلێکی نێوان ڕەگەز و ژینگەی دەزانێت، تۆینبی گفتوگۆی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکات و بە کۆمەڵێك خاسیەتی گریمانکاری دەزانێت کە سیفاتە دەروونی و ڕۆحی و شارستانی یەکان دروست دەکەن لە کۆمەڵگە دا، جگە لەوەش تۆینبی

گفتوگۆی تیۆریای زاناكانی بواری ڕەگەزناسی كردووە لەوانەی كە بەرگری لە تیۆری ڕەگەزێكی دیاریكراو دەكەن و ئەوانەشی كە لە یەك خاڵی سەرەكی دا بە یەك دەگەن ئەویش لەمەڕ ئەوەی كە سەركەوتنی فیكری تەنها لە ڕەنگی پێستدا دەبیننەوە واتە تاوەكو ڕەنگی پێست بەرەو سپی بوون بڕوات ئەوا لایەنی فیكریشی ڕوو لە بەهێز بوونە، لەبەر ئەوەی بە توندی ڕەدی ئەم تیۆریە دەكاتەوە و دەڵێ ئەوانەی كە ڕەنگ سپی و سەر درێژ و قژ زەردن هیچ شتێكی تریان زیاتر نیە لەوانەی تر،كە هەموویان پێكەوە بەشداریان لە دروست كردنی شارستانیەتدا كردووە لە كۆمەڵگە مرۆڤایەتیەكاندا.

هەروەها تۆینبی گفتوگۆی لەمەڕ تیۆری ژینگە و كاریگەری ژینگە لە دروست كردنی شارستانیەت دا كردووە. بەرگریكارانی ئەم تیۆریە دەڵێن ئاو و هەوا و شوێنی جوگرافی بنەما و پاڵنەرێكە بۆ سروشتی گۆڕانە شارستانیەكان و دەڵێ( لە ڕاستی دا بارودۆخی دەوری ڕووباری نیل و ڕافدین ڕۆڵیان هەبووە لە دروست كردی شارستانیەت دا، بەلاّم دروست بوونی شارستانیەت و كۆمەڵگەی تر لە دەوروبەری لە دۆڵی ڕیوگراندی و ڕووباری كۆلۆواردۆ چۆن لێك دەدەنەوە ؟ ).

بیرۆكەی بەرگری و وەلاّمدانەوە ( التحدي و الاستجابة) ڕۆڵێكی سەرەكی لە تێڕوانینی تۆینبی دا هەبووە لەمەڕ كاروباری مرۆڤایەتی لە لێكدانەوەی ڕووداوەكانی مێژو و هەڵێنجانی بەرئەنجامەكانیەوە، تۆینبی ئەم بیرۆكەیەی لە خوێندنەوە و لێكۆڵینەوەی تەوراتەوە وەرگرتووە و گەشتووەتە ئەو ئەنجامەی، كە مێژوو كۆمەڵێك كار و كردەوەیە كە تێیدا خوداوەند بۆ تەحەدای مرۆڤ دەردەكەوێت. تۆینبی بڕوای وا بووە، كە مادە بە تەنها بەس نیە بۆ لێكدانەوەی ڕووداوە مێژوویەكان، هەروەك ڕۆحانیەتیش تەفسیر نیە بۆی، بۆیە تۆینبی ڕای وا بووە كە خوداوەند بەشێك ئازادی بە مرۆڤ بەخشیوە، كە ئازادیەكی پاژەكی یە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو ئازادیەی مرۆڤ و ڕێ نوێنی خوداوەند دا گەشەسەندن و پێشكەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ دێتە دی.

چونکە بەرگری و وەلأمدانەوە لە نێوەندی ڕۆحی دا هەیە و لە نێوەندی ماددیشدا بوونی هەیە (شارستانیەت) هەروەها لە نێوەندی مرۆڤایەتیش دا هەیە (کاریگەری کۆمەڵگە لە سەر هاوسێکانی) لە ڕێگەی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە وەك جەنگ و داگیرگاریەکان، لەگەڵ کارلێکە کۆمەلأیەتیە ناوخۆییەکان، وەك تۆینبی ئەم کاریگەریەی ناوچەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەراستی لێك داوەتەوە تا ئەو کاتەی ئیسلام دێت و هەموویان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

لە ڕووی داڕووخانی شارستانیەتەکانەوە تۆینبی دەڵێ (جیاوازی سەرەکی لە نێوان گەشەکردن و داڕووخان دا ئەوەیە کە کەمینەی دەسەلأتـدار لە خولی یەکەمی دا توانای دروست کردن و داهێنانی هەیە و پاش ئەوە لە ڕێگەی دەست بەسەرا گرتنی گشت کایەکانەوە دەیەوێ لە دەسەلأت و فەرمانڕەوایی بەردەوام بێـت،ئیتر لێرەوە ناکۆکی لە نێوان کەمینەیەکی ستەمکاری دەسەلأتدار و زۆرینەیەکی چەپێنراو دا دروست دەبێـت، ناکۆکی ناوخۆیی نێوان قەوارەیەکی شارستانی دەبێتە هۆی داڕووخانی شارستانیەتەکە، پێش داڕووخانیش شارستانیەت بە هەردوو خولی هەڵوەشانەوە لە ئەنجامی ناکۆکی ناوخۆیی و پاشان قۆناغی گەندەڵی ڕۆحی دا دەچێت و دواتر دەپوکێـتەوە).

دواجار تۆینبی لە لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی مێژوو دا چەند بیرۆکەیەکی نوێی بەکار هێنا..لەوانەش:

شوێنکەوتەیی(التبعیة): پوختەی ئەوەیە جگە لە هەندێ شارستانیەتی دیاری کراوی وەك(شارستانیەتی عێراقی و هیندی و میسری )، ئەوەکانی تر شوێنکەوتەی شارستانیەتێکی پێشتر بوونە، تەنانەت کۆمەڵگەی مەسیحی هەندێ پنتی پەیوەندی هەبووە لەگەڵ کۆمەڵگەی هیلینی دا.

پشێوی (الفوضى) : ئەو دۆخە نێوەندەیە، کە شارستانیەت پێش داڕووخانی پێیدا تێدەپەڕێت و ئەمەش دوو شێوەی هەیە :

أ- پرۆلیاتاریای ناوخۆیی: دروست بوونی چەند بوونەوەریکە(کائنات) لە جەستەی کۆمەڵگەدا، کە بەشێکی ئەندامی نین،بەڵکو لەوانەیە توخمگەلێکی پاشماوەی جیاواز بن، وەك جەنگی چینەکان ( الطبقات) لە کۆمەڵگەی هیلینیدا.

ب - پرۆلیتاریای دەرەکی: جیهانێکی دڕندە ئاسای دەرەکییە و پێکەوە لەگەڵ پرۆلیاتریای ناوەکی دا بەشداری لە داڕووخانی کۆمەڵگەدا دەکەن. ئەمانەش کۆمەڵێك کۆمەڵگەی سەرەتاین و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە شارستانیەکان دا دەبەستن و بە هێزی شارستانیەتی دەوڵەتی جیهانی ڕاپەڕینی بەسەردا دەکات، دەوڵەتی جیهانیش: ئەو دەوڵەتەیە، کە ئاشتی بۆ مرۆڤایەتی و شارستانیەت بەدی دەهێنێ، ڕاستەوخۆ پاش داڕووخانی شارستانیەت دروست دەبێت و ئەرکی بەجێ گەیاندنی یەکێتییەکی سیاسی کۆمەڵایەتی شارستانیەت دەگرێتە ئەستۆ..دەوڵەتی جیهانی لەو کەمینە دەسەلاتدارەوە دروست دەبێت و بە هەوڵی یەکگرتنەوەی پاش هەڵوەشانەوە ناو دەبرێت.

سەرچاوە:

http://www.dahsha.com